# عەلی باپیر
# ئیسلامییەکی راستەقینەو جاسووسێکی ئەنفالچی

**مەریوان هەڵەبجەیی**

بەپێی بەڵگەنامەکان, ئەو ساڵانەی تۆ پەیوەندیت کردووە بە موخابەراتی بەعسەوە, زیاد لە نیو سەدە بەسەر شۆڕشی ئازادیخوازانەی میللەتێک بەنێوی کورد لە دژی بەعس تێپەڕ بووە. واتە تەوقەت لەگەڵ کەسانێکدا کردووە، گەر هیچی نەکردبێت لە ساڵانی حەفتاکاندا بۆردوومانی هەڵەبجەو قەڵادزێ و شارو شارۆچکەکان و گوندەکانی کوردستانی کردووە. دەستی کەسانێکت گوشیوە بە درێژایی تەمەنی دەسەڵاتەکەی هەزارەها زیندانی لە سێدارە داوەو بە هەزارانی دیکەی لە ژووره تاریکەکاندا ئەشکەنجە داوە. دەستت کردووەتە ملی کەسانێک بێ ئەوەی پرس و ڕا بە تۆو عەقیدەکەت بکەن شەرعییەتیان هەبوو هەڵەبجەیان کیمیاباران کرد. روومەتی کەسانێکت ماچ کردووە, پاش ئەوەی لە حەجو عەمرە هاتنەوە ئەنفالی ئەو کۆمەڵگایەیان کرد کە تۆ قسە بە زمانەکەی دەکەیت. ئەو پارانەی تۆ لێت وەرگرتبوون, دڵۆپ دڵۆپ لە گیانی شەهیدانی ئازادیخوازان دەتکاو پاش کۆکردنەوەی بە سەفتە دۆلار بۆ تۆ رەوانە دەکرا. واتە کاتێک بڕیارت داوە رژێمێک بکەیتە دۆستی خۆت کە هەڵەبجە و ناوچەکانی تر کیمیاباران کرابوون, گەرمیان و ناوچەکانی تر ئەنفال کرابوون. واتە لە دژی میللەتێک جاسوسیت کرد کلتوورەکەی, کتێبە گەورەکەی, کەواو سەڵتەکەی، جلە کورتەکەی, ڕیش و سیواکەکەی لە عەرەبستانەوە بۆی نەچنرابوو. کەوشەکەی, کەڵێن و شمشێرەکەی, چەقۆو چەکو جبەخانەکەی لە ئێرانەوە بۆی ڕەوانە نەکرابوو.!! بەڵکو بە هۆی ئەمانەوە هەموو میللەتەکە خرابوونە ژێر لم.!

ئەوە چەند جارێکە بە بەڵگەوە ئاشکرا دەبێت کە جاسوسی بەعس بویت. بە بەڵگەوە, واتە بە سەلماندنەوە, بە عەرەبی پێی دەڵێن (دلیل) یاخود (بورهان،) لە قورئانیشدا پێی دەگوترێت ئایەت. بە ئایەت سەلمێندرا تۆ یەکێکیت لە جەللادەکانی بەعس. هەر بۆیە ڕەوشتی دێرین و ئەسڵی خۆتت ون نەکردووەو فتوای کوشتنی ئەم و ئەو دەدەیت. ناتوانی نکوڵی بکەیت, بۆیە بە ناچاری بڵاوی دەکەیتەوە کە ڕەوانەی خوات کردووە (**لەبەرامبەر ئەو تۆمەتە ناڕەواو هەڵبەستراوانەشدا نارۆمە دادگا .. من شکات و سکاڵای خۆم دەبەمە لای خودا. عەلی باپیر لە چاوپێکەوتنێکیدا**) بەو هیوایەی خواکەت هەقت بسەنێت. ئەوەت لەبیرچوو کە خواکەت گوێبیستی هات و هاواری هەموو کورد نەبوو کە 182000 سەدو هەشتاو دوو هەزار کەسی لێ ئەنفال کرا. گوێی لە دوعاو نزاو پاڕانەوەو گریان و کڕوزانەوەی هەموو کورد نەبوو کە 5000 پێنج هەزار شەهیدی هەڵەبجە لەناو کەف و دووکەڵدا ون بوبوون. ئێستا, خوا, هیچ ئیشی نییە ئەوە نەبێت گوێ لە دووعای پەلەقاژەی تۆی سیخوڕ بگرێت..؟؟

ئەوە چۆنە جارێکی تر لە خەفەتی کەشف بوونت نامریت..؟؟ ئەوە چۆنە قاچەکانت رێگە دەگرن و پێ دەنێن بەسەر ئەو شەقام و جادانەی کە هەموو بستێکی بە خوێنی شەهیدەکانی سوور هەڵگەڕاون..؟؟ ئەوە چۆنە پێڵوی چاوەکانت لە ئاست کەسوکاری شەهیدانی ئەنفال دەتروکێن..؟؟ ئەوە چۆنە بەلای پەیکەرەکەی عومەری خاوەردا تێپەڕ دەبیت و عارەقەی شەرم ناتشواتەوە..؟؟ پێم باشە، حیجابەکەی سەر ژنان لا بدەیت و بیدەیت بەسەری خۆتا.

عەلی باپیر, ئەی دۆستە خۆشەویستەکەی عەلی کیمیاوی, ناوتان چەند لەیەک نزیک و بە وەزن و قافن..!! ئیفادەو پاکانەکەی عەلی کیمیاوی لە دادگاو لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان, هیچ جیاوازی نییە لەگەڵ کڕوزانەوەو پاکانەکانی تۆ کە لە رۆژنامەو ماڵپەڕەکاندا بڵاوت کردونەتەوە, ئەوەتا دەرکەوت بە یەک کتێب پەروەردە کراون و بە یەک کامێرا وێنەتان گیراوە. بەڵگەکان روون و ئاشکرا باس لە جاسوسییەتی بەرێزتان لەگەڵ ئەنفالچییەکاندا دەکەن, واتە لەگەڵ عەلی کیمیاوی. ئەو بەڵگانەی لەسەر تۆو عەلی کیمیاوی هەن, خۆ حەدیسی لاواز نین تا بەهانەیان بۆ بدۆزیتەوە..!! بەڵگەی یاسایی جیاوازە لە بەڵگەی کتێبە پڕ لە خورافییەکان.

ڕێگەت بۆ خۆش ناکرێت وەک ئایەتەکانی قورئان بە ئارەزووی خۆت تەفسیری جیاواز بۆ یاسا بکەیت..!! جاسوس هەر جاسوسە. خوێنمژو جەللاد, شمشێربازو ملشکێن, سەربڕو تیرۆرست, وەک یەکن. دووری نێوانیان هەناسەو سیواکەکەتە. دووری نێوانیان توڕەبوونی میللەت و جەزرەبەی مەرگە.